# شارسانیەت و ئاکام و ئاسەوارەکانی

# بۆ

# جیهان



**جیهان هی هەموومانە و دەبێ بەیەکەوە بیپارێزین**

نووسین و ئامادەکردنی : نادر فەتحی (شوانە)

گەڵاڕێزانی 2711ی کوردی، ئاڵمان

ماڵپەڕی رۆژهەڵات / بۆکان

www.rojhalat.de / www.bokan.de

## پێش گوتە:

لەم نووسراوەیەدا هەوڵی شیکردنەوەی مێژووی شارسانیەت و ئاکام و ئاسەوارەکانی بۆ ئەم جیهانە لە روانگەی پەرەسەندنی شۆڕشی ئیمپاتیEmpathie/Empathy[1]،یەوە دەدرێ. هەروەها دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە کە چلۆن ئیمپاتی بووە، یاخود دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕپێکهێنان لە چارەنووسی ئێمەی مرۆڤ تا ئەمڕۆ و تەنانەت لە داهاتووشدا. بە پێی ئەزموونی نوێی زانایان، هەڵس و کەوتی سروشتیی مرۆڤ، دەکرێ ئاڵ و گۆڕی بەسەر دا بێ. زانایانی بوارەکانی دەروونناسی و بەتایبەت پسپۆرانی مێشك لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ لەسەر مانا و تێگەیشتن لە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی مرۆڤ وەك هێرشکاری، ماتریالیسم، قازانج پەرەستی و بەخیلی، گۆڕانکاری تێدا بکرێ.

لەو نووسراوەیەدا چاوێك بەسەر مێژووی سامناکی پەرەسەندنی بەرئاوەژوو و هەڵەی ئیمپاتی ئینسانی لە رابردوودا دەگێڕین و دوای تێپەڕبوون بەسەر دنیای مودێرن، لە روانگەی ئایینەکان و ئیدیۆلۆژییەکانی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە هەتا سەدەی بیست و یەکەم، دەسکەوت و ئەزموونەکانیان دەخەینە ژێر لێکۆڵینەوە. ئەگەر ئێمە مێژووی ئابووریی لە روانگەی تێگەیاندن و فێرکردنی مرۆڤەوە سەیر بکەین، زنجیرەی ئەو گێڕاوە و ریوایەتانە ئاشکرا دەبن کە بە درێژایی چیرۆکی مرۆڤایەتی، شاراوە ماونەتەوە. بەو شێوەیە پێخۆرێك پێك دێ لە کانیاوی هەمەڕەنگ وەك ئەدەبیات، هونەر، ئایین، فەلسەفە، مرۆڤ ناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، زانستی سیاسی و تئۆری پەیوەندی و لە کۆتاییدا نموونەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی واتە " ئیمپاتی شارستانی".

هەلوێستی دروست و نوکتە و خاڵی سەرەکی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جیاوازی مابەین دوو وشەی ئیمپاتی و ئینترۆپی"Entropie"[2] یە. ئاڵ و گۆڕ بەسەرداهاتنی وزەی بەکارهاتوو و شۆڕشی پەیوەندی دنیای نوێ بە دوو قۆڵی بوونەتە هۆی پێکهێنانی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز.

هەروەها تەكنۆلۆژی پەرەسەندووی فەرهەنگەكان ئەو بارودۆخە بۆ مرۆڤ دروست دەكەن كە لێهاتوویی خۆناسین و ئیمپاتی خۆیی، پەرە پێبدەن. هەرچەندە ژینگەی كۆمەڵگا ئاڵۆزتر بێ، بەو ئەندازەیەش مرۆڤ پێداویستی بە وزە زیاتر دەبێ و لە نەهایەتدا دەبێتە هۆی ڕووتاندنەوەی شێوەی سامناكی كانگا سروشتییەكانی سەر زەوی. نوكتەی سەیری مێژوویی ئەوەیە كە پەرەسەندنی ئیمپاتی خۆناسینی ئێمە، لەسەر حیسابی ڕووتاندنەوەی هەرچی زیاتری  كانگا سروشتییەكانی سەر زەوی و زەرەر و زیان پێگەیاندن بەم هەردە، مسووگەر دەبێ.

ئەوڕۆ لە بەرانبەر ئەو خەمە گەورەیەدا ڕاوەستاوین و بە هیوای گەورەبوونەوەی ئینترۆپی، كە ببێتە لەمپەرێك لە بەرانبەر مەترسی تووناببوونی خۆمان و  وەچەكانی داهاتوو و بتوانین سیستەمێك دابمەزرێنین كە خۆمان و پلانێتەكەمانی پێ رزگار بكەین. ئەوەی كە ئێمە لە تواناماندایە ئەو كارە پێك بێنین، خۆی پرسیارێكە و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، بە گشت دەبێ ئاڵوگۆڕ بەسەر بیری ئابووری و كۆمەڵایەتی خۆماندا بێنین. بۆ نیزیكبوونەوە لەو چەشنە ڕێگاچارەیە بەو نووسراوەیە هەوڵی شی كردنەوەی وشەگەلی " ئیمپاتی" و "ئینترۆپی" دەدرێ، بەڵكوو بە تێگەیشتن و سەلماندنی ئەو ڕاستییە، ئێمەی مرۆڤ ئاڵ و گۆڕ بەسەر خوو و خدەكانماندا بێنین. لە كۆتایی ئەو بابەتەدا ناوەڕۆكی فیلمێكی سەر ماڵپەڕی "یوتیوب" بە ناوی "Home" واتە "ماڵەوە"كە مەبەست زەوی یە, وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی كە بینین و تێگەیشتنی فیلمەكەم بۆ خوێنەری كورد زۆر بە گرنگ زانی.

1 [ئێمپاتی بە مانای لێهاتوویی و ناسین و هەستپێكردن بە بیركردنەوە و تایبەتمەندییەكانی مرۆڤێك یاخود ئاژەڵێك]

2 [ئینترۆپی لە زمانی یونانیدا بە مانای بادانەوە و پێكهاتن هاتووە]

فلاندرن[3] "Flandern"، ئێوارێی رۆژی 24 ی دسامبری 1914. شەڕی یەکەمی جیهانی چۆتە پێنجەمین مانگیەوە. بە ملیۆن سەرباز لەو ناوچەیە و لە خەندەکە هەڵکەندراوەکاندا بەرانبەر بەیەکتر سەنگەریان گرتوە. لە زۆربەی ناوچەکەدا مەودای مابەینی سەربازە ئینگلیزیەکان و ئاڵمانییەکان لە سی تا پەنجا میتر زیاتر تێپەڕ ناکا و تەنانەت گوێیان لە دەنگی یەکتر هەیە. بارودۆخی سەربازەکان زۆر خراپ و جەهەننەمییە. سەرمای زستان تا سەر ئێسقان سەربازەکان ئازار دەدا. لە ناو خەندەکەکاندا ئاو و سەهۆڵ راوەستاوە. سەربازەکان جێی پێخەوەکەیان لەو خەندەکە سامناکانەدا لەگەڵ مشك و جرجەمشك بەش دەکەن. لە ناو خەندەک و دەوروبەری سەنگەرەکان کەللاکی سەربازە کووژرراوەکان کەوتوون و کات بۆ بەخاك سپاردنیان نییە. بۆنی کەللاك رۆژەڕێییەك دەڕوا. زۆربەی سەربازەکان بە راوەستانەوە دەنوون دەنا لە سەهۆڵاوی ناو خەندەکەکەدا ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئێوارەی ئەو رۆژە کاتێك هەوا وردە وردە بەرەو تاریکی دەڕۆیشت، شتێکی زۆر سەیر قەوما. ئاڵمانییەکان بە پانایی سەنگەرەکانیان مۆمیان لەسەر دارە بچکوولەکانی کریسمەس کە بە دیاری لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە پێیان گەیشتبوو، هەڵگیرساند. دواتر بە کۆڕ دەستیان کرد بە خوێندنی سروودی کریسمەس. سەربازە ئینگلیزییەکان سەریان سووڕمابوو. تاقمێك لە سەربازە ئینگلیزییەکان بە بیستنی سروودی کریسمەس بێ ئیختیار لە سەنگەرەکانیان هاتنە دەرەوە و سەیری سەنگەری دوژمنیان دەکرد. ئەو وێنەیە لە دوورەوە وەك سەکۆی شانوو لەبەر چاوی سەربازە ئینگلیزییەکان خۆی دەنواند. وا مات و وڕ مابوون کە زۆربەیان دەستان کرد بە چەپڵە لێدان. لە پڕێکدا ئەوانیش بەربوونە خوێندنەوەی سروودی کریسمەس. ئەو بارودۆخە وایلێکردبوون کە چەند لە سەربازە ئینگلیزییەکان بەرەو سەنگەری دوژمن وەڕێ کەوتن. دوای ماوەیەکی کورت، ئەو هەڵس و کەوتەی سەربازەکان بووە هۆی وەڕێکەوتنی هەزاران سەرباز بەرەو سەنگەری دوژمن. سەربازەکانی دوو بەرە، دەستیان لەگەڵ یەکتر لێ دەداوە و یەکتریان لە باوەش دەگرت

و وێنەی ژن و منداڵەکانیان بە یەکتر نیشان دەدا. پرس و رایان لە یەکتر دەکرد کە لە کوێوە و کام شار هاتوون و بە گەرمی بەسەرهاتی خۆیان بۆ یەکتر دەگێڕاوە.

کاتێك بەیانی تیشکی رۆژ مەیدانی شەڕی رووناك کرد، زیاتر لە دەهەزار سەرباز هات و چۆی دوو سەنگەرەکانیان دەکرد و بە هێمنی و لە ئاشتیدا لەگەڵ یەکتر دەدوان و بیرەوەرییەکانیان بۆ یەکتر دەگێڕاوە. هەر ئەو سەربازانەی کە 24 کاتژمێر پێشتر سەنگەریان لە یەکتر گرتبوو و بە خوێنی سەری یەکتر توونی بوون، بە دوو قۆڵی کەلاکی هەڤاڵە کوژراوەکانیان بە خاك دەسپارد. کاتێك ئەو هەواڵە بە سەرکردەکانیان گەیشت، زۆری پێ تووڕە بوون. سەرکردەکان ترسیان هەبوو کە بارودۆخی ئاوا لە ورەی شەڕکەریی سەربازەکان کەم بکاتەوە. هەر کام لە بەرەکان سەربازەکانیان بۆ سەنگەرەکانی خۆیان بانگ کردەوە.

خۆشحاڵی و ئاشتی مابەین سەربازەکان هەر بەو گورجییە کۆتایی پێ هات کە دەستی پێکردبوو. ئەو چەند کاتژمێرە وەك برووسکەیەکی ئاشتیی بچووك لە شەڕێکدا بوو کە تا کۆتاییەکەی زیاتر لە هەشت و نیو ملیۆن کەسی تێدا کووژران. بۆ ماوەیەکی کورت کە رۆژێکی تەواوی نەخایاند، سەربازەکان بە جێی ئەمر وەرگرتن لە فەرماندەرەکانیان، وەدوای هەستی سروشتی و ئینسانی و دەروونی خۆیان کەوتن. بە جێی کوشتن و دوژمنداری یەکتر کردن، بە دڵی سافەوە بۆ لای یەکتر چوون و یەکتریان لە باوەش گرت.

Flandern3 ناوچەیەکە لە مابەین فەرانسە و بلژیك و هولەند.

ئەگەرچی هەمیشە لە شەڕ دا سەرباز هەوڵ بۆ ئەوە دەدا کە بە شەڕکەرێکی ئازا و نموونە بناسرێ و بۆ ئەو کارە سوێند دەخوات کە لەو رێگایەدا یا بکووژێ و یا گیانی خۆی فیدا بکات، ئەمجارە سەربازەکان رێبازێکیتر واتە "ئاشتی"یان کە لە ناخی دڵ و هەست و دەروونییانەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەڵبژارد.

ئەو شتەی لە ئێوارەی کریسمەسی ساڵی 1914 لەسەر مەیدانی شەڕی فلاندرن بە بەشداری هەزاران سەرباز بەڕێوەچوو، بە بێ گومان تەنیا هەستی ئینسانی بوو. ئێمە دوای بیستن یا خوێندنەوەی ئەو رووداوە دەبێ تەنیا لە خۆمان یەك پرسیار بکەین: **ئەو کارەی سەربازەکان کردیان بۆچی هەستی ئینسانی ئێمەش دەجووڵێنێتەوە؟** بڵێی وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوە نەبێ کە ئەوان تەنیا ویستیان ئینسانی بجووڵێنەوە و بە قسەی هەستی نهێنی ناو دەروونی خۆیان کردبێ؟

تەمەنی ئیمپاتی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتییە و تەنانەت تا چەشنەکانی پێش ئێمەش شوێنی هەر دیارە. زانایان لە ئاژەڵی زۆر ساکاریشدا کە زۆر پێشتر لە ئێمە لەسەر ئەو هەردە ژیاون، لێهاتوویی هەستکردن بە ئیمپاتی یان دۆزیوەتەوە.

لە تاقیکارییەکاندا بینراوە کە منداڵی دووساڵە زۆر جار کاتێك ئازار کێشان یا حاڵەتی نەخۆشی منداڵێکی تریان بە چاو بینیوە، سڵەماونەتەوە. لەو حاڵەتەدا بۆ لای منداڵە نەخۆشەکە چوون و بۆ دەربڕینی هەستی خۆیان کەرەسەی یارییان پێ داون یا لە باوەشیان گرتوون و یا بۆ لای دایکی خۆیان بردوون بەو هیوایەی ئارام ببنەوە. تا چ سنوورێك ئیمپاتی خۆناسین لە منداڵ و گەنج و مرۆڤە گەورەکاندا پەرە دەستێنێ، پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ چۆنیەتی راهێنان و پلەی ژیان لە منداڵییەوە و بۆچوون و هەڵس و کەوتی دایك و باوك و کارلێکەری داب ونەریتی کۆمەڵگا و بە گشت کولتووری دەور و بەری مرۆڤەکان هەیە.

مێژوونووسە فەرمیەکانمان ئیمپاتی یان وەك هێزێکی سەرەکی و کاریگەر بۆ کۆمەڵگا چاو لێ نەکردووە و بەو شێوەیەی دەبوو لە مێژوودا باسی لێ بکەن، نەیانکردوە و ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە. بە داخەوە بە درێژایی مێژوو تەنیا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کارەساتەکانی وەك نائارامی کۆمەڵگا، شەڕ، پێشکەوتوویی تەکنۆلۆژی و بە گشت بەهێزبوونی ئەم یا ئەو وڵات یاخود ئەم یا ئەو سەرکردە، تەرخان کردووە. تەنانەت لە پەیوەندی لەگەڵ فیلەسۆفیشدا تەنیا باس لەسەر حاکمان و زۆردارانی کۆمەڵگا کراوە. زۆر کەم سەبارەت بە ئەزموونەکانی مرۆڤ لە پەیوەند لەگەڵ هەستی دەروونی و کارلێکەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا دەدوێن. رەنگە بۆیە زۆرتر باس لەسەر شەڕ وماڵوێرانی و کارەسات دەکرێت، چونکە ئەو چەشن رووداوانە باشتر لە مێشکی مرۆڤدا دەمێننەوە و ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ. بە گشتی لێهاتوویی راگرتن و ئەسپاردنی رووداوەکان لە مێشکی مرۆڤدا لەگەڵ کارەساتەکان، نادادگەری و هەڵس و کەوتە نالەبارەکان، هەڵدەسەنگێنرێت و ئەوە تەنیا روخساری ترس و رەنج کێشان و خومخۆرییە کە هەستی دەروونی مرۆڤ دەجووڵێنێتەوە و باشتر لە یادی دا رایدەگرێ.

جیا لەو مێژووە، ژیانی ئاسایی مرۆڤ جۆرێکیترە. ئەگەرچی ژیانی دەوروبەری ئێمە ئاوێتەی خەمخواردن، نابەرابەری و زوڵم و زۆر و دارا و نەداری و ... یە، بەڵام مرۆڤ لایەنێکی رووناکیشی هەیە و ئەگەر بە وردی سەیری پەیوەندی مرۆڤ و هەڵس و کەوتیان لەگەڵ یەك بکەین، هەزاران نیشانەی بچووك وەك خۆشەویستی، ئەویناری، هاوکاری، ئەمینداری، بڕواکردن و متمانە کردن و ... ی تێدا دەبینینەوە کە شادی و خۆشی بە ژیانمان دەدەن و مرۆڤ بە ژیان دڵخۆش دەکەن.

یەکێکیتر لەو هۆیانەی کە بۆچی هەستی ئیمپاتی مرۆڤ لە مێژوودا نەکەوتۆتە ژێر لێکۆڵینەوە رەنگە ئەوە بێ کە هەست بە خۆ ناسینی مرۆڤ لە کاتی پێکهاتنی هیمۆساپیەنسەکانەوە کە زیاتر لە 180 هەزار ساڵ پێش ئێستا بووە تا ئەوڕۆ، زۆر بە ئەسپایی و سەبر پەرەی سەندووە.

تەنانەت وشەی ئیمپاتی لە ساڵی1907 ەوە هاتوتە ناو ئەدەبیات و باسی لێکراوە. ئێمە نابی ئەو ڕاستییەشمان لەبیر بچێ کە مرۆڤ تا کۆتایی سەدەی 19 ش لە توانایدا نەبوە لە باری دەروونییەوە لەبەرانبەر کێشەکانی کۆمەڵگادا هەڵوێست بگرێت. زۆربەی باب و باپیرانی ئێمە بەهۆی لەمپەری داب و نەریتی نادورست نەیانتوانیوە هەستی دەروونی خۆیان دەربڕن. تەنانەت ئێستاش لە کۆمەڵگا وەدوا کەوتووەکاندا باسی لێوە ناکرێ. بەتایبەت منداڵەکان کە پێکهێنەری کۆمەڵگای داهاتوون، لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا حیسابیان لەسەر ناکرێت و هیچ بایەخێکیان پێ نادرێت. ئەمڕۆ بەتایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بایەخێکی زۆر بە راهێنانی منداڵ دەدەن و لە منداڵییەوە هەستی مرۆڤ بوون و خۆ ناسین و ئیزنی قسەکردن لەسەر هەستەکانیان پێ دەدرێت و لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا مافی ئینسانی و ئازادی خۆیان پارێزراوە و وەك هەموو ئەندامانی بنەماڵە و کۆمەڵگا بیر و باوەڕی خۆیان هەیە.

ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە هەستی ئیمپاتی مرۆڤ بگۆڕدرێ و هەڵوێستی وەك تووڕەیی، زۆرداریی، خۆپەرەستی و نەخۆشی "تەنیا هی من و بۆ من" ی لی بستێندرێتەوە و بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو کاتەی ئەو خوو و خدانەی نە ناسیوە؟ زانایان و تاقیکارییەکانیان دەیسەلمێنن کە ئەرێ، ئیمکانی ئەوە هەیە. لە تاقیکارییەك کە لە ساڵی 1958 لە زانکۆی "ویسکۆنسین" لە لایەن "هاری هارلۆو" و هاوکارەکانییەوە بەڕێوەچوو، بۆ ئەوەی هەڵس و کەوتی سروشتیی چەند بێچووە مەیموون بخەنە ژێر لێکۆڵینەوە، بێچوولەکانیان لە دایکیان جیا کردەوە و ئەزموونی تاقیکارییەکە ئاڵ و گۆڕی بەسەر بۆچوونی زۆربەی زانایانی ئەوکات دا هینا.

"هاری" بێچوولە مەیموونەکان لە دایکیان جیا دەکاتەوە و قەفەسێکی جیاوازیان بۆ دیاری دەکات. لەو قەفەسەدا دوو کەرەسەی شیردان کە دەبوو جێی دایکان بگرێتەوە، بە دروست کردن دەدا. یەك لە کەرەسەکان لە دار دروست کرابوو، جێیەکی راحەت و نەرم لە هەور و بۆ گەرم

ڕاگرتنی جێگاکە لە لامپی گەورەی ئەلکتریکی کەڵکی وەرگرتبوو. کەرەسەکەیتریش جێگایەکی ڕەق وتەق، وەك فەنەر کە بە رادیاتۆرێك گەرم رادەگیرا. دوای ماوەیەک هەموو بیچوولەکان تەنیا دەچوونە لای دایکە نەرم و نۆڵەکە. تەنانەت کاتێك شیری دایکە نەرم و نۆڵەکەیان بڕی و تەنیا دایکە رەق و تەقەکە شیری دەدا، بەلایەوە نە دەچوون و حازر بوون برسێتی بکێشن بەڵام لە لای دایکە نەرم و نۆڵەکە بمێننەوە.

ڕەنگە زانایان نە دەبوو بەو شێوەیە ئەو بێچووە مەیموونانە لە دایکایان جیا بکەنەوە، چونکە تەنانەت ئەو کات ئەزموون بۆ ئەو بۆچوونە لەسەر منداڵی مرۆڤیش بە ئەندازەی کافی هەبوو. لە ئەمریکا و مابەینی ساڵەکانی 1880 تا 1930 بەهۆی کۆچبەری مرۆڤی وڵاتانیتر بۆ ئەمریکا لە خانووبەرە رەنگ سپییەکاندا کە تایبەت بۆ منداڵانی بێ دایك و باوك و فەقیر دروستکرابوون، ئەو بۆچوونە تاقی کرابۆوە. ئەو کات باوەڕ لەسەر گەورەکردن و راهێنانی منداڵ بە شێوەیەکیتر بوو و بڕوایان وابوو کە منداڵ دەبێ وا بار بهێنن کە لە کاتێکی زۆر کەمدا لەسەر پێی خۆیان راوەستن و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پەیوەندی دڵسۆزی و عاتیفیان بە کەسەوە نەبێ. هەر بەو بۆچوونە ئەو ژنانەی لەوێ کاریان دەکرد ئیزنیان نەبوو منالەکان لە باوەش بگرن یاخود میهرەبانی زۆریان پێ بکەن، بۆ ئەوەی بەرپرسانی ماڵەکان ئەو چەشن هەڵس و کەوتانەیان بە لەمپەرێك لەبەرابەر راهێنان و لەسەرپێ راوەستانی منداڵەکان لەسەر قاچی خۆیان دەزانی. پێیان وابوو کە هەڵس و کەوتی عاتیفی کارلێکەری نەرێنی لەسەر منداڵەکان دادەنێ. ئەگەرچی لەباری خواردەمەنی و راگەیشتن بە بارودۆخی ژیان و قوتابخانە و... زۆر بە باشی بەرنامەیان بۆ منداڵەکان تەرخان کردبوو، بەڵام بە پێچەوانە لەبەر ئەوەی سروشتی منداڵ پێویستی بە خۆشەویستی و لە باوەش گرتن و ماچ کردن و میهرەبانی پێکردنە، زۆربەی ئەو منداڵانە تووشی نەخۆشی تەنیایی و خەمۆکی (دیپەسیو) بوون و ئەو هەڵس و کەوتە نادورستە کارلێکەریی نەرێنی لەسەر دانان.

له ساڵی 1930 بەملاوە دەروونناسەکان ئەو بۆچوونە نادروستەیان رەد کردەوە و هەوڵیان بۆ راهێنانی منداڵ لە رێگای خۆشەویستی پێدانەوە داوە. سروشتی مرۆڤ بۆ تەنیایی و ژیانی بە تەنیا دروست نەکراوە. بە پێچەوانە ئەزموونەکان سەلماندویانە کە مرۆڤ بەردەوام بەدوای کۆمەڵ و خۆشەویستی و پەیوەندی نیزیك و پێکەوە ژیان دا گەڕاوە. ئیمپاتی شتێکی دەروونییە و ئەو هەلەمان بۆ دەرەخسێنێ کە ئێمەی مرۆڤ بتوانین لە ژیان و ئەزموونەکانی مرۆڤەکانیتردا بەشداری بکەین.

ئەگەر ئێمەی مرۆڤ لەباری سروشتییەوە گیانلەبەرێکی کۆمەڵ خۆشەویستین و بە هەستی ئیمپاتی سروشتی تەیارین، ئەدێ بۆچی و چلۆن دەتوانین ئاوا دژبە هاورەگەزانی خۆمان و ئاژەڵانی تر بجووڵێینەوە و بە زۆرەملی کارەسات بەسەر خۆمان و ژینگەکەماندا بێنین؟ هیچ چەشن گیانلەبەرێك تا ئەوڕۆ نەیتوانیوە هێندە خراپی و وێرانی بەسەر زەوی و ژینگەدا بێنێ، وەك ئێمەی مرۆڤ!

شەڕ و زۆرە ملی و تووڕەیی و کارەساتی ئینسانی لە سروشتی مرۆڤدا بوونی نەبووە. ئەوە دیاردەیەکی تازەیە کە لە کاتی نیشتەجێ بوونی مرۆڤەوە و لەوکاتەوە ئایینەکان سێبەریان خستۆتە سەر کۆمەڵگا، دەستیپێکردوە و تەنانەت چەند بەرابەریش بۆتەوە. شتێکی سروشتیە کە مرۆڤی ئەوکاتیش بۆ مانەوەی خۆی بە هەڵدڕین و کوشتنی ئاژەڵەکانی تر ژیانی کردووە، بەڵام تەنیا تا ئەو پلەیەی کەخۆی و بنەماڵەکەی و وەچەی خۆی پێ تێر و زیندوو ڕاگرتبێت و لەوە زیاتر سنووری تێپەڕ نەکردووە. لە هەوەڵەکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە تا ئەمڕۆ مرۆڤ 93 لە سەدی ژیانی بە ڕاوچییەتی گوزەراندووە. ژنان و پیاوان بە شێوەی کۆچبەر لە گرووپی چکوولانەی 30 تا 150 کەسیدا لەگەڵ یەك ژیاون. ئەگەریش لە مابەینی ئەو گرووپانەدا کێشەیەك هاتبێتە پێش تەنیا لەسەر جێگای ڕاوکردن یاخود جێی حەسانەوە بووە. تەنانەت لە کاتی پەرەسەندن و فێربوونی کەشاوەرزی و نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە جێگایەکی نەگۆڕ بەتایبەت لە ئورووپا، هیچ بەڵگەیەکی کۆنەناسی سەبارەت بە کەرەسەی

شەڕ نەدۆزراوەتەوە و ژیانێکی پڕ لە ئاشتی و ئارامیان بووە. لە 4400 ساڵ پێش زایینەوە لە ئوروروپا بە هۆی شاڵاوی مرۆڤەکان لە رۆژهەڵاتەوە وردە وردە هەستی نائارامی و کولتووری شەڕکەرییان تێدا پێك هاتووە کە دواتر بەهۆی زەختی ئایین تەنانەت شەڕکەریی وەك پێشەی لێهاتووە. پێکهاتنی کۆیلەداری و ئاوەدانبوونەوەی وڵاتان بەهۆی کاسبی و کڕین و فرۆشتنی کارە دەستییەکان و مەڕ و ماڵات، بۆتە سەرەتایەك بۆ ڕۆیشتن بەرەو ژیانی شارستانییەت و قۆناغێکی نوێی مرۆڤایەتی.

ئەو ڕاستییەش دەزانین کە هەستی ئیمپاتی هاوکات و بێ پسانەوە لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووری و زانستی و کەسایەتی و خۆناسینی مرۆڤدا پەیوەندی راستەوخۆی هەبووە و ئەوەش بۆتە هۆی هەرچی ئاڵوزترکردنی کۆمەڵگا، کە مرۆڤ خۆی بە ئامانجی گەیشتن بە ژیانی باشتر و راحەتتر ئەو بارودۆخەی پێک هێناو. دیارە بەهۆی گەورەبوونەوە و ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگا و پێشکەوتوویی لە باری ئابووری و زانستی و ... و هەڵسووڕانیان، زیاتر و زیاتر دەستدرێژی بۆ کانگا سروشتییەکانی ناو زەوی کراوە و بەردەوام بۆتە هۆی دروستکردنی مەترسی بۆ ژیانی خۆی و ژینگە و گیانلەبەرانی دیکەی سەر ئەم هەردە.

هەر وەک لە سەرەوەش ئاماژە پێکردووە،  ئەو بابەتەی خوارەوەم لە فیلمێك بە ناوی "Home" واتە "ماڵەوە" کە مەبەست زەوی یە، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. من ئەو بابەتەم بۆ خوێنەری کورد زۆر بە گرنگ زانی و لە فیلمە ئاڵمانییەکەیەوە کردوومەتە کوردی و لێرەدا ئادرەسی ئنگلیزیی و ئاڵمانییەکەشی دەهێنمەوە کە لەسەر "یوتیوب" بڵاو کراوەتەوە،.

ئینگلیزی :

http://www.youtube.com/watch?v=lbDmOt-vIL8

ئاڵمانی:

http://www.youtube.com/watch?v=lVG4Cryae0E

## "Home"

## "ماڵەوە"

ئێمەی مرۆڤ هەموومان لە وەچەی "هیمۆساپیەنس" کەوتووینەتەوە. وەچەیەك کە لێهاتوویی کەڵک وەرگرتن لە مێشکیان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤەکان و ئاژەڵەکانی پیش خۆیان، پەرەسێنراوتر بووە. ژیان، ئەو پەرجۆیەی ئۆنیوێرزام، نیزیکەی 4 ملیارد ساڵ بەر لە ئێستا پێك هاتووە. مرۆڤ خۆی نیزیکەی 200هەزار ساڵ بەر لە ئێستا هاتۆتە سەر گۆی زەوی و لەو ماوە کورتە دا توانیویە سروشت بە تەواوی بگۆڕێ و مەترسی بۆ ساز کات.

لە سەرەتاکانی پێکهاتنی ئەم جیهانەدا، گۆی زەوی تەنیا تۆپێکی ئاگرین بووە کە دواتر بەهۆی بارودۆخی لەبار و گۆنجاوتری، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پلانێتەکانی تر، ژیانی تێدا پێك هاتووە. مرۆڤ تەنیا بەشێکی

بچکوولانەیە لە زنجیرەی ژیان کە نیزیکەی 4 ملیارد ساڵ لەسەر ئەم هەردە بەردەوام درێژەی بووە. تەنانەت ئەمڕۆش بەهۆی چالاك بوونی گڕکانەکان ئاڵوگۆڕ بەسەرچۆنیەتی شکڵی زەوی دا دێت. ئەو گڕکانانە وێنەیەك دروست دەکەن کە مرۆڤ دەتوانێ لە خەیاڵی دا بزانێ کە کاتی لە دایك بوونی زەوی، چلۆن بووە. دنیایەکی پڕ لە ئاگر و تەقینەوە و دووکەڵ. مرۆڤ دەتوانێ وێنەی بکات، کە ئاتمۆسفێری دەوروبەری زەوی دەبێ چلۆن بووبێ. ئاتمۆسفێرێك بە بێ ئوکسیژێن. هەوای دەوروبەری زەوی زیاتر لە گازی ژەهراوی و دووکەڵی مەترسی دار پێك هاتبوو. ورده ورده زەوی سارد بۆتەوە. بە هۆی مەودای لەباری زەوی لە رۆژەوە واتە نە زۆر دوور و نە زۆر نیزیك، توانیویە بۆ وێنە ئاو لە شێوەی تراویلکەدا رابگرێ. ئاو بۆتە هۆی پێکهێنانی کاناڵەکان لە زەویدا. لەو کاناڵانەدا ئاو رەوان بووە و چۆمی پێکهێناوە و بە شووشتنەوە و لەگەڵ خۆ بردنی ماکەی بەکەڵکی دەشت و چیاکان، ئاوە شیرنەکانی زەریا و ئوقیانووسەکانی سوێر کردوە.

ئێمە لە کوێوە دێین؟ یەکەمین نیشانەکانی ژیان چلۆن پێکهاتووە؟ هەروەك ئەمڕۆش تەنانەت لە گەرمترین و داغترین ناوچەکانی ئەم هەردە ژیانی ساکار بە شێوەی تەك خانەیی بوونیان هەیە کە ئاڵوگۆڕ بەسەر رەنگی ئاودا دێنن. کۆنترین باکتێری ناوی "ئارشین"ە "Archaeen".



Archaeen



Cyano

چەشنێك لەو باكتریانە بە ناوی باكتێری چیانۆ "Cyano" لێهاتوویی وەرگرتنی وزەی هەتاویان بووە و توانیویانە عەمەلی فۆتۆسەنتێز بەڕێوەبەرن. ئەو چەشن باكتریە وەك بابی هەموو چەشن گیا یاخود گیانلەبەرێکی سەر ئەم هەردە ناسراون. ئەو باكتریە بچکوولانە و ملیۆنان چەشنی دواتریان چارەنووسی زەوی یان گۆڕی، واتە بوونەتە هۆی ئاڵ و گۆڕ بەسەر دا هێنانی ئاتمۆسفێری زەوی.

ئەدی چی بەسەر ئەو هەموو ماکە ژەهراویەی ئاتمۆسفێردا هات؟ ئەو ژەهرانە ئەمڕۆش هەر هەن و لە دەوری زەوی و بەرەو تۆخی دەرەوەی ئاتمۆسفێر كشاندراونەتەوە. لێهاتوویی فۆتۆسەنتێز ئاڵوگۆڕی بەسەر ئاتمۆسفێر دا هێنا و وردە وردە زەوی بووە پلانێتێکی لەبار بۆ ژیانی گیانلەبەران. چالاکی و جموجۆڵی ژیانی گیانداران بوونەتە هۆی گۆڕینی هەرچی زیاتری ئاتمۆسفێر. گیا و لێرەوارەکان تەنیا بەهۆی وزەی هەتاوەوە زیندوون، ئەو گیا و لێرەوارانە توانیان مولکوولی ئاو بشکێنن و ئوکسیژێنی لی ئازاد بکەن. ئوکسیژێن بووە هۆی پێکهێنانی هەوا. ئەو پێکهاتنە لە ئاوەوە، وەك پێوانی رێگای بازنەیەك دەچێ کە بێ کۆتاییە و هەر بەردەوامە و پەیتا پەیتا گۆڕانکاری بەسەر دا دێت وەك: "تاڤگە"، "هەڵم"، "هەور"، "باران"، "کانیاو"، "چۆم"، زەریا"، "ئوقیانووس" و ئەو بازنەیە هیچکات ناپسێتەوە، بە شێوەیەک کە ڕادەی ئاوی سەر زەوی هەمیشە هەر ئەندازەیەکە و کەم یا زۆر نابێتەوە. هەموو گیانلەبەرانی پێش ئێمە هەر لەو ئاوەیان خواردۆتەوە.

ئاو ماکەیەکی زۆر تایبەتیی و سەرسووڕهێنەرە. بە چەند شێوە دەتوانێ خۆی بنوێنێ. بە شێوەی تراویلکە، وەك گاز بە شێوەی هەڵم، یاخود بە شێوەی وشك و رەق وەك سەهۆڵ. لە ناوچەی سیبری رووسیا لە زستاندا مرۆڤ هەست بە هێزی سەرسووڕهێنەری ئاو بە شێوەی وشك و رەق واتە سەهۆڵ دەکات. سەرمای زۆری سیبری تۆخێکی سەهۆڵ لە سەرەوەی ئاو پێك دێنێ بۆ بەرگریکردن لە سەرما، چونکە سەهۆڵ

سووکتر لە ئاوە، تۆخێکی پارێزەر لە سەرەوەی ئاو پێك دێنێ کە ژیان لەژێر ئاودا بۆ گیانلەبەرانی ناو ئاوەکە ئامادە و رێك و پێك دەکات.

موتوڕی ژیان پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ هەموو شتەکانی دەوروبەری هەیە و هەموو بە یەکەوە دەتوانن بارودۆخێك پێکبێنن کە ژیانی تێدا پەروەردە بکەن. ئاو و هەوا دوو پێداویستی سەرەکین بۆ پێکهاتنی ژیانی ئیمە و هەموو گیان لەبەرانی سەر ئەم هەردە.

ئەگەر لە ئاسمانەوە بڕوانینە زەوی، ئەو سەوزاییەی لە مابەین هەورەکانەوە لە سەر ئاوەکانی زەوی دەبینرێ، کانی ئۆکسیژێنە بۆ هەوا. 70 لە سەدی ئەو گازە لە باکتری سەرئاوی ئوقیانووسەکان کە رەنگ بە ئاو دەدەن، پێك دێ. ژیان لەسەر ئەم هەردە لەسەر هاوسەنگی ساغ بۆتەوە. هەرکام لە گیانلەبەران بە شێوەیەک سوودی پێ دەگەێینن. هیچکامیان بی ئەویتر ناتوانن بژین. بەڵام ئەو هاوئاهەنگییە و نەزمە دەتوانێ زۆر بە ساکاری تێك بچێ.

مێژووی زەوی دەگەڕێتەوە بۆ چەند ملیارد ساڵ بەر لە ئێستا. زیاتر لە چوار ملیارد ساڵ درێژەی کێشا تا یەکەمین دارەکان رووان. دار و بەگشت لێرەوارە فرە چەشنەکان خۆیان گرنگاییەتیەکی زۆریان بۆ زەوی هەیە. زۆربەیان لێهاتوویی و ئەرکی وەرگرتنی تیشك و وزەی هەتاو و عەمەلی فۆتۆسەنتێزیان لەسەر شانە. ئەوان وزەی هەتاو لەخۆیاندا رادەگرن و دوای کەڵك لێوەرگرتن لەو وزەیە، دار و گەڵای لێ دروست دەکەن کە دواتر دەکەونەوە سەر زەوی و دەبنەوە ئاو و ماکەی زیندوو و ماکەی کان. بەو شێوەیە و بە پێی کات تۆخی زەوی پێك دێ. لەو تۆخە پێکهاتووەدا بەردەوام بە چالاکی گیانلەبەرانی میکرۆسکۆپی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و پڕ ماکە تر دەبێ و خۆش دەکرێ و ماکە کانییەکانی دەوڵەمەندتر دەبن کە بە بێ ئەو تایبەتمەندییانە ژیانی سەر ئەم هەردە نەگونجاو دەبوو.

سەبارەت بە ژیان لەسەر زەوی چی دەزانین؟ چەند لە چەشنەکانی دەناسین؟ یەك لەدە، یا یەك لە سەد؟ زەوی وەك پەرجۆ وایە و ژیانیش وەك مەتەڵێك دەنوێنێ. بنەماڵە و چەشن لە گیانلەبەران بە هۆی خوو خدە و داب و نەریت و سپاردنیان بە وەچەکانی داهاتوو، پێك هاتوون. لەو رووداوە مەزنەدا هەرکام لە گیانلەبەران جێگای دیاریکراوی خۆیان هەیە. هەر چەشنێك لەوان گرنگی خۆیان هەیە. هیچکامیان زیادی یا زیانبار نین و هەموو پێکەوە و بە هاوکاری یەکتر هاوسەنگیی زەوی پێك دێنن.

لە کاتی پێکهاتنی "مرۆڤ" ەوە تا ئەمڕۆ نیزیکەی 200 هەزار ساڵی خایاندووە. لەو ماوە کورتەدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تەمەنی زەوی، مرۆڤ توانیویە گۆڕانکارییەکی وا بەسەر ئەم هەردە دا بێنێ، کە ببێتە هۆی مەترسی تێکدانی هاوسەنگییەکەی. ئەگەرچی مرۆڤ زیندەوەرێکی لاوازە لەباری هێزی لەشەوە، بەڵام توانیویە بەسەر چارەنووسی هەموو گیانلەبەرانی تردا زاڵ بێ و هەموو ناوچەکانی ئەم هەردە داگیر بکات. دوای 180 هەزار ساڵ ژیانی کۆچبەری مرۆڤ فێری ژیانی نەگۆڕ واتە نیشتەجێ یی لە جێگایەکی هەمیشەیی بووە. بە راوکردن ئیتر نەیتوانیوە ژیانی دابین بکات. مرۆڤی ئەوکات بەردەوام بەدوای جێگایەك دا دەگەڕا کە ئاوی لێ بێ. تەنانەت ئەوڕۆش زۆربەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە لە پەنا ئاوی زەریا و چۆمەکاندا دەژین.

تەنانەت ئەمڕۆش یەك لە چوار کەسی سەر پلانێتی ئێمە وەك پێشینیانی 6 هەزار ساڵ بەر لە ئێستامان دەژین و ژیانیان تەنیا بە کانییە سروشتییەکانەوە بەستراوەتەوە. مرۆڤی ئەو کات پلەی چاوەڕوانی ژیانیان نزم بووە و کارکردنیان زۆر چەتوون و بە ئێش و ئازار. خوێندەوارییان نەبووە و بۆ درێژەپێدانی ژیانیان، تەنیا سەرمایەیان منداڵەکانیان بوون. یەك لە هێزە سروشتییەکانی مرۆڤ ئەوە بووە کە هەست بە خاڵە لاوازەکانی خۆی بکات. لە رێگای سروشتیەوە هەوڵی داوە بۆ ئەو مەبەستە و بە کەڵك وەرگرتن لە ئاژەڵەکان، جێی خاڵە لاوازەکانی خۆی

پڕ بکاتەوە. تەنانەت بۆ ئەو کارە توانیویە ئاژەڵە کێویلەیی و دڕەندەکانیش ماڵی بکات. بەڵام بە زگی برسییەوە هەرگیز نەیدەتوانی دنیا بخاتە ژێر ئەمر و فەرمانی خۆی. بە زەویداری و وەرزێری نیزیکەی 10 هەزار ساڵ پێش ئێستا قۆناغێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەستیپێکرد. وەرزێریی یەکەمین و مەزنترین شۆڕشی مرۆڤ لە ژیانیدا بووە. بۆ یەکەمین جار مرۆڤ زیاتر لە پێداویستی ڕۆژانەی خۆی، دانەوێڵە و خواردەمەنی بەرهەم هێناوە. شارەکان و شارستانییەتی پێك هاتوون. بەو شۆڕشە زەفەری بەسەر دێوەزمەی برسیەتی چەند هەزار ساڵەی پێشووی خۆی هێنا و دانەوێڵەی نوێی بەرهەم هێنا و فێر بوو چەشنی دانەوێڵەکان لەگەڵ وەرزی ساڵ و ئاو و هەوا، هاوتا بکات. تەنانەت ئەمڕۆش نیوەی مرۆڤی جیهان لەڕێگەی وەرزێرییەوە ژیانیان بەڕێوە دەبەن و سێ لە چواری ئەو بەشە بە دەست و کەرەسەی ساکار و بەبێ کەڵك وەرگرتن لە کەرەسەی مودێرن، بەڕێوە دەبەن. وەچە بە وەچە ئەزموونی کار کە بە عارەقی نێوچاوان وەدەستیان هێنابوو، بە وەچەی نوێ ئەسپێردراوە. ماوەیەکی زۆر مرۆڤ تەنیا پشت ئەستوور بە هێزی لەش و توانای ماسوولکەکانی خۆی بوو. بە پێی کات، دۆزیەوە کە وزەی سروشتی وەك نەوت و ڕەژی و گاز و ... کە ملیۆنان ساڵ پرۆسەی دروستکردنیان لە لایەن سروشتەوە بەڕێوەچووە، لە ناو زەویدا شاردراونەتەوە و هەروەها دۆزینەوەی ئەو کانییە وزە سروشتیانە مرۆڤی لە کار و ئێشی پڕ ڕەنج و ئازار رزگار کرد.

بە گورجی، بە هۆی دۆزینەوەی ئەو وزە سروشتیانە لە شەست ساڵی رابردوەوە حەشیمەتی سەر زەوی دوو بەرانبەر زیاتر بۆتەوە. زیاتر لە 2 ملیارد مرۆڤ ڕوویان لە شارەکان کردووە. شارەکان بە گورجییەکی یەکجار زۆر لەو ماوەیەدا گەورە و گەورەتر بوونەتەوە. زیاتر لە نیوەی 7ملیارد کەسی سەر زەوی لە شارەکاندا دەژین. ڕۆژ بە ڕۆژ وزەی پێویست بۆ ژیانی ڕۆژانە زیاتر و زیاتر دبێتەوە. بەهۆی دۆزینەوەی وزەی ئەلکتریکی و دروستکردنی ئاسانسۆر، خانووبەرەکان درێژ و بەرزتر دەبنەوە. وردە وردە بە جێی هێزی ماسوولکە و لەشی

وەرزێران، کەرەسەی کشتوکاڵ وەك تراکتۆر و کۆمباین و ... بەکار هێنران. هێزی یەك لیتر بنزین کاری 100 دەستی مرۆڤە، لە 24 کاتژمێردا. تەنیا ئەو دانەوێڵەیەی لە ئەمریکا بەرهەم دێت، پێداویستی 2 ملیارد مرۆڤ دابین دەکات. بەڵام زۆربەی ئەو بەرهەمانە تەنیا بۆ مرۆڤ کەڵکی لێ وەر ناگیرێ، بەڵکوو بۆ تفاقی ئاژەڵیش بەکەڵک دێت. وەرزێری و بەرهەمەکانی سەر زەوی 70 لە سەدی ئاوی دەکارهێناوی مرۆڤیان بۆ خۆیان تەرخان کردوە.

لە سروشتدا هەمووشتەکان بە یەکەوە پەیوەندیان هەیە. سەرئێشەی نەبوون یاخود کەمبوونی خواردەمەنی بۆ مرۆڤ لە سەردەمەکانی پێشوودا بە زوویی لەبیر چوەوە، بەڵام سەرئێشەی نوێی جێبەجێ کردنی خواردەمەنی زیاد لە ئەندازەی پێداویستی مرۆڤ، جێی ئەوی گرتەوە. کارلێکەری کارخانە پێترۆشیمییەکان لەسەر بەرهەمەکان بەتایبەت بەشی خواردن بە رادەیەک زۆرە کە هیچ شتێك وەك شێوەی سروشتی خۆی نەماوەتەوە. بەهۆی بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی چێکراو لە بارودۆخێکی ئاو و هەوای سازکراودا بۆ ئەوەی پارەی هێنان و بردنیان کەم بێتەوە، بۆتە هۆی ئەوی کە لە سەدساڵی ڕابردووەوە سێ لە چوارلەسەدی دانەوێڵەی سروشتیی لە ناو چوون. تا چاو هەتەر دەکات خانووچکەی پلاستیکی چێکراو بۆ بەرهەمهێنانی سەوزە و میوە لە هەموو ناوچەکان دروست کراون. نە تەنیا ئەو بەرهەمانە ویتامینی کافی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بەرهەمە سروشتییەکان یان نییە بەڵکوو تامێکی سەیر و سەمەرەیان هەیە کە بە هیچ شێوەیەك جێی بەرهەمە سروشتییەکان ناگرێتەوە.

هەر ئەندازە وڵات پڕ حەشیمەت تر و مودێڕنتر بێت، بەو ئەندازەیەش دەکارهێنانی خواردەمەنییەکان زیاتر دەبێ. تەنانەت بۆ وەڵام دانەوەی هەرچی گورجتر و دابینکردنی بۆ وێنە گۆشتی ئەو شارە پڕ حەشیمەتانە، لە شێوەی چێکراو کەڵك وەردەگرن. 97 لەسەدی ئاوی سەر زەوی ئاوی سوێرە. بۆ بەرهەمهێنانی ئەو خواردەمەنیانە زۆرتر لە ئاوی شیرین کەڵك وەردەگیرێ. بۆ بەرهەمهێنانی کیلۆیەك پەتاتە پێویستیمان بە 100 لیتر

ئاو هەیە. بۆ کیلویەك برینج، 4 هەزار لیتر ئاو و بۆ کیلۆیەك گۆشت 13 هەزار لیتر ئاومان پێویستە. لە لایەکیتریشەوە بۆ بەرهەمهێنان و هێنان و بردنیشیان پێویستیمان بە نەوتی ژێر زەوی هەیە. ورده ورده پێداویستی ئابووری ئێمە تا بن ددان بە نەوت بەستراونەتەوە. کەرەسە و ماشێنە پیشەسازییەکان لە سەرتاسەری ئەم جیهانە ئاخرین پاشکەوتە نەوتییەکان هەڵدەلووشن. بۆ وێنە لە شاری "لۆسانجلێس"ی ئەمریکا کە زیاتر لە 100 کیلۆمتری چوارگۆشەی گرتووە، بە ئەندازەی حەشیمەتەکەی ئۆتۆموبیلی تێدایە. بۆ رووناك ڕاگرتنی ئەو شارە لە شەودا وزەیەکی یەکجار زۆر پێویستە. ئۆتۆمۆبیل لە کۆمەڵگای ئەوڕۆدا بۆتە سیمبولێکی شارستانییەتی. ئەگەر لە داهاتوودا هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم هەردە ئۆتۆموبیلی هەبێ، بەجێی 900ملیۆن ئۆتۆموبیل کە ئەمڕۆ لە جیهاندا هەیە، ژمارەی دەگاتە 5 ملیارد. جگە لەوەی بەو هەموو ئۆتۆموبیلە ئاتمۆسفێری تا رادەیەکی زۆر پێ ئالوودە دەکرێ، دەبێ بیر لە وزەیەکی نوێش بکەینەوە، چونکە هەر وەك دەزانین، ورده ورده خەریکە کانگا نەوتییەکانی جیهان بەرەو ویشکی دەڕۆن.

ئەوە شتێکی زۆر سروشتییە کە هەرچی گورجتر کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتوویی و شارستانییەت بڕوا و گەورەتر ببێتەوە، بەو ئەندازەیەش پێداویستی و چاوەڕوانی مرۆڤی ناو کۆمەڵگا زیاتر دەبێ. لە ساڵی 1950ی زایینیەوە تا ئەمڕۆ، ژمارەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە دوو بەرابەر بۆتەوە. لەو ساڵەوە تا ئێستا بۆ وێنە ماسی گرتن پێنج بەرابەر بۆتەوە- 100 ملیون تۆن بە جێی 18 ملیۆن تۆنی ئەو دەم. هەزاران کەشتی بەردەبنە رووتاندنەوی زەریاکان بۆ ڕاوە ماسی. زۆربەی چەشنی ماسییەکان لەناو چوون. چونکە بە ڕادەیەك بە خێرایی ماسی راودەکرێ کە ئیزنی توو رشتن و جووت گیری بە ماسییەکان نادرێت. ئێمە خەریکین بازنەی ژیانێک تێك دەدەین و لەناو دەبەین کە وەك خەڵاتێك پێمان گەییوە. ئەگەر بەو شێوەیەی ئەوڕۆ ماسی راو دەکرێ، درێژە بە راوکردنی ماسی بدەین، تا ساڵی 2050 وەچەی ماسی لەناو دەبەین.

ئێمەی  شار نشین لەبیرمان چۆتەوە کە کانیاوەکانی ژێر زەوی خەریکن هەموویان ئیشك دەبن. 500 ملیۆن مرۆڤ لە بیابانەکان ژیان دەکەن. ئەو مرۆڤانە قەدر و بایەخی ئاو دەزانن و دەتوانن زۆر بە باشی ئاو پاشەکەوت بکەن. بریا ئێمەش لەوانەوە فێری هەڵسو کەوت لە پەیوەندی کانییەکانی ئەم هەردە بووبایەین. لەو چەند ساڵەی رابردوودا چۆمەکان ئاویان وا کەم بۆتەوە کە زۆربەیان ناگەنە زەریاکان. بۆ نموونە دەریای مردوو لە ئیسرائیل ساڵی میترێك لە ئاوەکەی کەم دەبێتەوە. هیندوستان یەك لەو وڵاتانەیە کە خەڵکەکەی زیاتر لە هەمووجێگایەکیتر لە کەمبوونی ئاو ئازار دەکێشن. لە 50 ساڵی رابردووەوە لەو وڵاتە زیاتر لە 21ملیۆن چاڵی ئاو لێدراوە. لە زۆربەی ناوچەکان بۆ گەیشتن بە ئاو، بیرەکان دەبێ قووڵ و قووڵتر لێ بدرێن. لە رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە سی لە سەدی چاڵاوەکان ئیشك بوون. لە ناوچە مودێرنەکانیتری ئەم جیهانە بە شێوەی مامناوەندی تەنیا مرۆڤێك لە ڕۆژدا 800 تا هەزار لیتر ئاو بەکاردێنێ. بڵێی تا کەنگێ ئاوا بتوانین بیگوزەرێنین؟ تا کەی ئەم هەردە دەتوانێ خۆڕاگری لەبەرانبەر مرۆڤ بکات؟ لە لایەن پسپۆرانەوە بەراوەرد دەکرێ، تا ساڵی 2025 نیزیکەی دوو ملیارد مرۆڤ کێشەی ئاویان دەبێ.

نیزیکەی 6 لە سەدی لایەی سەرەوەی زەوی نمدارە. لێرەوارەکان و میکرۆئۆرگانیزمەکانی سەر ئاوەکان و ناوچە نمدارەکانی زەوی ئەرکی خاوێنکردنەوە و ساف کردنی هەوا و ئاتمۆسفێریان لە ئەستۆیە کە بە شێوەی بەردەوام لە لایەن کارخانەکانەوە پیس دەکرێنەوە. ئەو ناوچە نەمدارانە وەك هەور عەمەل دەکەن. لە کاتی زیادە لە رادە تەڕبوونی ئەو ناوچانەی زەوی ئاوەکەی هەڵدەمژن و کاتی ویشکایی، هەمیسان دەیدەنەوە بە زەوی.  بەهۆی دروستکردنی خانووبەرە و تەرخانکردنی زەوی بۆ مەزرا و ئاژەڵداری لە سەدەی رابردووەوە تا ئەوڕۆ نیوەی ئەو ناوچە نمدارانەی سەر زەوی ئیشك هەڵگەراون. هەرکام لە ماکە زیندووەکانی سەر ئەم هەردە وەك ئاو، هەوا، با و لێرەوارەکان  بە یەکەوە پەیوەندییان هەیە. پەرجۆی زیندووبوونی ئەم هەردە لەبەر

چاومان دێ و دەڕوا. لێرەوارەکان ئاو بە شێوەی هەڵم و نەم و تەم و مژ، دەدەنەوە بە ئاتمۆسفێر. لێرەوارەکان بەو کارەیان ژیانمان بۆ زیندوو دەکەنەوە و دەبنە هۆی درێژە پێدانی ژیان لەسەر ئەم هەردە. ئەو لێرەوارانە وەك دەرمان بۆ دەردی گیانلەبەران وان . ئەو ماکانەی بە هەوای دەوروبەرمانی دەدەن، سارێژی برینەکانی ئێمەن. سلول (خان)ەکانی لەشی ئێمە بە زمانێکی هاوبەش لەگەڵ دار و درختەکان دەدوێن و لەگەڵ ئێمە و گیانلەبەرانی دیکەی ئەم هەردە بنەماڵەیەك پێك دێنن. بەڵام لە ماوەی چل ساڵی رابردووەوە گەورەترین ناوچەی باران رێژی زەوی، لێرەوارەکانی ئامازۆن، بەهۆی جێگاکردنەوەی ئاژەڵداری و وەرزێری، 20 لەسەد چکوولە بۆتەوە. 95 لەسەدی بەرهەمی دانەوێڵەکانی ئەو ناوچەیە بۆ دابینکردنی تفاقی ئاژەڵ لە ئورووپا و ئاسیا تەرخان کراون. زۆربەی ناوچە لێرەوارەکانی دیکەی سەر زەوی لە لایەن مرۆڤەوە هەڕەشەی وێرانبوونیان لێ دەکرێ. ژیانی ئێمە پەیوەندی و پێکەوەبوون و شانۆیەکی هاوبەشە لە مابەین ئاو، هەوا، زەوی و هەتاو دا. لە زۆربەی ناوچەکانی زەوی ئەو شانۆ هاوبەشە وێران کراوە. لە بەشەکانیتری ئەم جیهانەش بۆ بردنە سەری ژیان و پێشگرتن لە برسێتی، لە فرۆشتن و بەکارهێنانی داری لێرەوارەکان کەڵك وەردەگرن، کە ئەوەش بەنۆبەی خۆی دەبێتە هۆی رووتانەوی کانگاکانی ژیان لەسەر زەوی. لە وڵاتی هاییتی کە یەك لە فەقیرترین وڵاتانی جیهانە، کاسبی بە دار و درختەکان و رەژی، یەك لە گەورەترین کانگاکانی پارە پەیداکردنە. زیاتر لە 2 ملیارد کەس لەسەر ئەم هەردە کە یەك لە سێی مرۆڤ دەگرێتەوە، پەیوەندی لەگەڵ کڕین و فرۆشی "رەژی دار" دا هەیە. تەنیا 2 لە سەدی لێرەوارەکانی هاییتی توانیویانە گیانی خۆیان لە توونا بوون رزگار بکەن.

وڵاتی نیجێریا یەك لە گەورەترین وڵاتانی نەوتی ئەفریقایە بەڵام 70 لەسەدی خەڵکەکەی لە فەقیریدا دەژین. بە هۆی نەوتەوە وڵاتەکە دەوڵەمەندە بەڵام خەڵکەکەی هیچ ئیمکانێکیان بۆ بەشداریکردن لەو ماکە سروشتییە نییە. لە زۆربەی وڵاتە نەوتییەکانیتری سەر زەوی هەر بەو

شێوەیەی نیجێریا بەڕێوە دەچێ و نیزیکەی نیوەی مرۆڤی برسی ئەم جیهانە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی نەوتی هەڵکەوتووە. ئەو ڕێگایەی ئێمەی مرۆڤ پێدادەڕۆین، وەلامدەرەوەی ئەو خەونانە نین کە مرۆڤ ئارەزووی دەکات. لە 50 ساڵی رابردووەوە کەلەبەری مابەین دەوڵەمەند و فەقیر گەورە و گەورەتر بۆتەوە. ئەمڕۆ سەرمایە و کاپیتالی هەموو جیهان تەنیا لە ژێر دەست و کونترۆلی 2 لە سەدی مرۆڤ دایە. ئایا ئەو نابەرابەرییە ئیدامەی دەبێ؟ ئایا بەو شێوەیە دەکرێ ژیان درێژەی پێ بدرێ؟ ئەوە یەك لە هۆکارە گەورەکانی کۆچی مرۆڤ لە چەند ساڵانی رابردووەوەیە کە بۆ درێژەپێدانی ژیان و بەهۆی نابەرابەری کۆمەڵایەتی روویان لە شارە گەورەکان و وڵاتانی پێشکەوتوو کردووە. بە پێی ئامار لە حەوتوو دا لە سەرتاسەری جیهان نیزیکەی یەك ملیۆن مرۆڤ روودەکەنە شارە گەورەکان. لە هەر شەش کەس، مرۆڤێك لەم جیهانەدا لە بارودۆخی دژوار و بە بێ هیچ ئاسایش و پارێزراویەك، بە بێ دەست پێراگەیشتن بە ئاوی خاوێن یا ئەلکتریسیتە یاخود هەر ئیمکانێکی ژیان، دەژی.

برسیەتی خۆی بڵاو کردۆتەوە. زیاتر لە یەك ملیارد مرۆڤ لە مەترسی برسیەتیدا دەژین. مرۆڤی برسی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ درێژەپێدانی ژیانیان لە زبلی بەرماوەی مرۆڤەکانیتر کەڵك وەردەگرن. هاوکات ئێمەش زیاتر و زیاتر کانگا سروشتیەکان هەڵدەکۆڵێن. ئەو کانگایانەی کە بەبێ ئەوان ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵەکانیتر بەرەو توونا بوون دەڕوات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئێمەی مرۆڤ هەوڵ بۆ گۆڕینی مودێلی ژیانمان نادەین! تەماح و چاوچنۆکی مرۆڤ زیاتر و زیاتر دەبێ و تەنانەت لەو ساڵانەی دواییدا لە خیزی سەحراکانیش ناگوزەرێین و بە سووتاندنی ئەو خیزانە ماکە بەکەڵکەکانی جیا دەکەنەوە و وەك سووتەمەنی کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆ بەرهەمهێنانی ئەو سووتەمەنییە بە ملیۆنان کۆبیك میتر ئاوی پێویستە و بە هەدەردانی وزەی بێ کۆتایی بارودۆخێکی دژوار بۆ ژیان لەسەر زەوی پێك دێت. وا دیارە مرۆڤ بە بێ بیرکردنەوە لە داهاتووی ژیان، لە هیچکام لە کانگا سروشتییەکانی جیهان کە بوونیان بۆ ئێمە و ئاژەلانیتر حەیاتییە،

ناگوزەرێن! بەهۆی هەمەرەنگ بوون و مودێرن بوونی ژیانی مرۆڤەوە، پێداویستی بە وزەی ئەلکتریکی و سووتەمەنی و بەتایبەت هاتوچۆی رۆژانەی بە کەرەسەکانی وەك ئوتومبیل، شەمەنەفەر، فڕۆکە، کەشتی و ... گەورەتر و گەورەتر دەبێتەوە. ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم جیهانە وەك موتۆڕێك وایە کە بۆ لێ خوڕینی پەیتا پەیتا پێویستی بە بێنزینی زیاتر هەیە و دیارە بۆ بەرگری لە رانەوستانی ئەو موتۆڕە زیاتر و زیاتر کەڵك لە کانگا سروشتییەکان وەردەگیرێ.

ئەگەر بەو شێوەیە بڕواتە پێش، ماکە حەیاتییەکان کە سروشت بە درێژایی چەندین ملیۆن ساڵ بۆ دابینکردنی ژیانی گیانلەبەرانی سەر ئەم جیهانە پێکی هێناوە، لە داهاتوویەکی نیزیکدا بەهۆی چالاکییە لەرادەبەدەرەکانی مرۆڤ وەك گواستنەوە، پیشە سازی، توونا کردنی لێرەوارەکان و کشتوکاڵ و... لە ناوی دەبات. بەو چالاکییانە زیاتر و زیاتر ماکەی دی ئۆکسیدی کەربون ئازاد دەکرێ کە لە نەهایەتدا ئاتمۆسفێری دەوروبەرمانی پێ گەرمتر دەبێتەوە، ئەو ماکەیەی کە سروشت بۆ درێژەپێدانی ژیان لەسەر زەوی بە درێژایی ملیۆنان ساڵ بەرەو دەرەوەی ئاتمۆسفێری کشاندبۆوە. وا دیارە کوێرانە و بە دەستی خۆمان ملوکول بە ملوکول، هاوسەنگی کەش و هەوای ئەم جیهانە بەرەو توونا بوون رێنوێنی دەکەین. بەهۆی گەرم بوونەوەی ئاتمۆسفێر هەر دووك سەرجەمی باشوور و باکووری زەوی کەوتوونەتە مەترسییەوە. لێرە و لەو دوو ناوچە حەیاتییەدا ئاڵوگۆڕ بەسەرداهاتن و گەرمبوونەوەی ئاتمۆسفێر بە ڕاشکاوی دەبینرێ. سەهۆڵەکان بە خێراییەکی بەرچاو هاوین بە هاوین خەریکی توانەوەن. 40 لەسەدی ئەو سەهۆڵانە تواونەتەوە. ئەگەر بەو شێوەیە بڕواتە پێشەوە، تا ساڵی 2040 دەتوانێ لە ناو بچێ و تەواوی ناوچە سەهۆڵەکان توونا بکرێن. بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی تا ئەو ڕادەیە ئاتمۆسفێری زەوی، وەك ئەوڕۆ پڕ کارەسات نەبووە. لە جەمسەرەکانی باشوور و باکوور، هاوسەنگی سروشت تێکدراوە. ئاژەڵەکانی لەو ناوچانەدا دەژین سەریان لێ شێواوە و وەچەیان بەرەو توونابوون دەڕوا.

له سی ساڵی داهاتوودا سەهۆڵەکانی سەرجەمی باکوور 30 لە سەدی کەم دەبێتەوە. بەهۆی گەرمبوونەوەی ئاتمۆسفێر و هەوا، ئاوی شیرین پەیتا پەیتا تێکەڵاوی ئاوی سوێری ئوقیانووسەکان دەبێتەوە. بە هۆی ئەو تووانەوەیە ئاوی ئوقیانووسەکان زیاتر لە حەوت میتر بەرز دەبنەوە و هەموو ئەو وڵاتانەی لە دەوروبەری زەریا کان و ئوقیانووسەکاندا دەژین، دخاتە ژێر مەترسییەوە.

شاخی کلیمانجاروی ئەفریقا، شکڵ و شەمایلی گۆڕدراوە. سەهۆڵبەندانە سروشتییەکەی 80 لە سەدی گەورەیی خۆی لە دەست داوە. تەنانەت لە بەرزترین جێگای شاخەکانی هیمالایاش سەهۆڵبەندانەکان بەرەو کەمی دەڕۆن. ئەو سەهۆڵبەندانانە رۆڵێکی زۆر گەورەیان لە سەر شانە بۆ راگرتنی بازنەی جێگۆڕکێی ئاوەکان لە دنیادا. لە زستاندا ئاو بە شێوەی سەهۆڵ لەخۆیاندا رادەگرن و لە هاویندا بە شێوەی تراویلکە دەیدەنەوە بە زەوی. بۆ وێنە سەهۆڵبەندانی هیمالایا وەك کانییەکە بۆ رووبارەکان لە قارەی ئاسیا. دوو ملیارد مرۆڤ خووگر یاخود بەستراونەتەوە بەو رووبارانەوە، جا چ بۆ خواردن یا بۆ ئاودانی مەزرا و زەوی. ئێمەی مرۆڤ خەریکین کەش و هەوایەك کە زیاتر لە چەندین هەزار ساڵ یەك لە پێداویستییەکانی سەرەکی بۆ ژیان لەسەر زەوی بووە، لە ناو بەرین.

لەو ساڵانەی دوایی دا زیاتر لە هەر کاتێکی تر شارە گەورەکان و لێرەوارەکان بەهۆی ئیشکبوونی هەوا دەسووتێن و لەناو دەچن. ئەوەش خۆی لەخۆیدا گەرمای دەوروبەری زەوی گەرمتر دەکات، چونکە بەو سووتاندنە کەربۆنی ناو ئاتمۆسفێر زیاتر دەبێت. بەهۆی گۆڕانی کەش و هەوا لە هەموو ناوچەکانی زەوی، هەڕەشەی مەترسیەکی زۆر گەورە ئاراستەی ژیان لەسەر ئەم هەردە دەکرێ. بۆ وێنە لە سیبری بەهۆی سەرمای زۆری ئەو ناوچەیە سەر عەرزەکەی هەمیشە بەستوویەتی. ئەگەر بەهۆی گەرمبوونەوەی ئاتمۆسفێر سەهۆڵی سەر زەوی ئەو ناوچەیە بتوێتەوە، وەك بۆمبێکی کاتژمێری بۆ گیانلەبەران وایە چونکە "مێتان" لەخۆیدا رادەگرێ کە بیست جار مەترسیدارترە لە کەربۆن.

ئەگەر ئەو ناوچەیە بتوێتەوە، بە ئازادکردنی مێتان لە ئاتمۆسفێردا مەترسییەکی زۆر گەورە بۆ ژیان چاوەڕوان دەکرێ.

بۆ راگرتنی ژیان لەسەر زەوی پێداویستییە حەیاتییەکانی وەك هەوا و ئاو و شێوەکانی ژیان بەیەکەوە گرێدراون و بەداخەوە ئێمەی مرۆڤ ئەو گرێیانەمان لێك کردوونەتەوە. ئێمە دەبێ ئەو ڕاستییە بسلمێنین کە ئەو مەترسیانەی ئەوڕۆ بەرەوڕووی ئێمە و گیانلەبەرانیتر بوونەتەوە، تەنیا و تەنیا بەرپرسەکەی ئێمەی مرۆڤین. ئێمە و تەنیا ئێمە، زەویمان بەو شێوەیەی خۆمان دەمانەوێ، گۆڕیوە! بەداخەوە کاتێکی زۆر کەم بۆ گۆڕانکاری ئەو خوو خدە نالەبارانە و قەرەبووکردنی هەڵەکانمان ماوەتەوە.

**نابەرابەریەکە تا رادەیەکە کە :**

- بیست لە سەدی حەشیمەتی زەوی کەڵك لە هەشتا لە سەدی کانییەکانی ئەم هەردە وەردەگرن!
- خەرج و مەخاریجی شەڕ و چەکەمەنی لە دنیادا 12 بەرابەر زیاترە لە یارمەتیگەیاندن بە مرۆڤە هەژارەکانی دنیا!
- 5 هەزار مرۆڤ لە ڕۆژدا بەهۆی پیس بوونی ئاوی خوارنەوە، دەمرن!
- یەك ملیار مرۆڤ لە جیهاندا دەستیان بە ئاوی خواردن ڕاناگات!
- نیزیکەی یەك ملیارد مرۆڤ لە برسیەتیدا دەژین!
- زیاتر لە 50 لە سەدی بەرهەمی دانەوێڵەی دنیا بۆ تفاقی ئاژەڵ و سووتەمەنی بیۆلۆژی بەکار دەهێنرێت!
- 40 لە سەدی زەوی کشتوکاڵ وێران کراون!
- هەر ساڵەی 13 ملیۆن هێکتار لێرەوار لەناو دەچن!
- یەك لە چوار ئاژەڵی مەمکدار، یەك لە هەشت باڵەندە، یەك لە سێ چەشنی دوو گیانەکان مانەوەی وەچەکانیان لە مەترسیدایە.

- بەهۆی ئەو بارودۆخەی مرۆڤ بۆ ئەو چەشن ئاژەڵانەی بە دیاری هێناوە، مردنیان یەك ملیۆن جار زیاترە لە ڕەوتی سروشتی خۆیان!
- سێ لە چواری چەشنەکانی ماسی یا لە ناو چوون و یا لەحاڵی توونابووندان!
- لەو کاتەوە مرۆڤ مێژووی خۆی نووسیوەتەوە، هیچکات وەك 15ساڵی ڕابردوو هەوا وەك ئێستا گەرم نەبووە!
- جەمسەرەکانی زەوی لە 40 ساڵی رابردووەوە 40 % چکوولەتر بوونەتەوە.
- لە ساڵی 2050 دا پێشبینی دەکرێ کە زیاتر لە 200 ملیۆن مرۆڤ بەهۆی گۆڕانی هەواوە کوچ دەکەن و لە جێگای خۆیاندا نامێنن!

ئێمە بۆ ئەو هەڵوێستانەمان تاوانێکی زۆر گەورە و مەزن لەسەر شانمانە، لای کەم لە بەرانبەر ئاژەڵەکانی تری زەوی.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو کێشەیە، لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا بایەخێکی یەکجار زۆر بە خوێندەواری منداڵان دەدرێ. ئیتر کاتی ئەوە بەسەر چووە دیوار لە مابەین مرۆڤەکاندا بکێشرێ. ئەزموون پێی سەلماندوین کە یەکیەتی مرۆڤ هەزاران بەرانبەر بە هێزترە لە ویست و خۆپەرەستی دەوڵەتەکانی جیهان. بۆ وێنە لە بنگلادێش کەسێك بانکێکی بۆ فەقیرەکان کردۆتەوە و پارەیان بۆ کاسبیکردن دەداتی و بەو شێوەیە تەنیا لە ماوەی سی ساڵدا گیانی زیاتر لە سەدو پەنجا ملێۆن کەسی لە مردن رزگار کردووە. خەڵکی کۆستۆریکا ژیانی سروشتی و دژ بە شەڕیان هەڵبژاردووە، ئەو وڵاتە ئیتر هێزی نیزامی نییە و پارەکەی بۆ خوێندەواری منداڵەکانیان و دروستکردنی لێرەوارەکان تەرخان کراوە. ئێمە دەبێ فێر بین بە پێی پێداویستی لە خواردە مەنی و شتەکانیتر کەڵك وەرگرین و زیادەڕۆیی نەکەین. دەکرێ بۆ دابین کردنی ژیان، ماسی بگیرێت بەو مەرجەی زیادەڕۆیی لێ نەکرێ و ئیزنی زایین و

گەورەبوون بە ماسییەکان بدرێت و بایەخ بە یاساکانی ژیانی گیانلەبەرانی زەریایی بدرێت. ئەوڕۆ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان خانوو بەرە بە سەربانی تەیار بە وەرگرتنی تیشکی تاو ساز کراون کە وزەی رۆژانەیان دابین دەکات. وڵاتەکانی نۆی سەیلاند، ئیسلاند، ئوتریش و سوئێد و نەتەوەکانیتر کەڵك وەرگرتن لە وزە سروشتی و کەم زیانەکانی وەك هەتاو و با و ... یان لە بەرنامەی خۆیاندا گونجاندووە بۆ ئەوەی لەوە زیاتر هاوسەنگی کانییەکانی زەوی تێك نەدەن. ئێمە دەزانین کە 80 لە سەدی پێداویستی وزەی رۆژانەمان لە کانگا فۆسیلەکانی وەك نەوت و رەژی و ... دابین دەکرێ، بەڵام ئەمڕۆ بۆ وێنە لە دانمارک کارخانەی ئینرژی وزەی نوێ سازکراوە کە بەجێی دانەوەی کەربون بە هەوا و پیسکردنی ئاتمۆسفێر، ئەو کەربۆنە بە زەوی دەداتەوە. ئایا بڵێی ئەوە رێگا چارەیەك بۆ داهاتوو نەبێ؟ رەنگە! ئەوڕۆ تەنانەت دەکرێ لە شەپۆلی ئاوی زەریاکان هێزی ئەلکتریکی وەربگیرێ. لە دانمارك بەهۆی دروستکردنی کەرەسەی توربینی هێزی با، 20 لە سەدی وزەی ئەلکتریکی وڵاتەکەی دابین دەکرێت. ئەمریکا، ئاڵمان، هیندوستان و ئەسپانیا پارەیەکی زۆریان بۆ دروستکردنی ئەو چەشن وزە سروشتییانە تەرخان کردوە و تەنانەت بەو پرۆژانەوە زیاتر لە 2 و نیو ملیۆن مرۆڤ سەرقاڵن و کار دەکەن. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین هەرچی زیاتر لە وزەی بەتایبەت "هەتاو" و "با" کەڵك وەربگرین. ئەو وزەیەی هەتاو لە کاتژمێرێکدا بە زەوی دەدا پێداویستی وزەی یەك ساڵی تەواوی مرۆڤایەتییە. تا ئەوکاتەی زەوی هەبێ ئەو وزەیەش هەر هەیە و کۆتایی نایەت. ئێمە دەبێ فێر بین، دەست لە هەڵکۆڵینی زەوی هەڵگرین و بەرەو سەرەوە و بۆ لای ئاسمان و وزەی هەتاو بڕۆین. هەموو ئەو تاقیکارییانە بۆ دۆزینەوەی وزەی نوێیە و ئێمە دەبێ بە زانستەوە بەرەو پیریان بڕۆین. ئەو پڕۆژەیە کاتێك سەرکەوتوو دەبێت کە هەموو مرۆڤی ئەم جیهانی بەشداری تێدا بکەن. ئەو هەڵانەی لە دەستمان داون و ئەو کێشانەی دژبە خۆمان و گیانلەبەرانی تر بەڕێوەمان بردوون، ئیتر قەرەبوو ناکرێنەوە، بەڵکوو گرنگ و خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ئەوشتەی بۆمان ماوەتەوە و هێشتا لە دەستمان نەداوە، بیپارێزین! هەرکام لە ئێمە

لەسەر دوو ڕێگاییەکدا راوەستاوین و بەرپرسایەتیمان سەبارەت بەو ئەرکە واتە ڕێگاچارە دۆزینەوە هەیە. ڕەنگە لە وڵاتی جیاوازدا بژین و بۆچوون و چاوەڕوانیمان جیاوازبێت، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە لە سەدەی ئینترنێت کە پەیوەندی مرۆڤ هەرگیز بە ڕادەی ئەمڕۆ ساکار نەبووە، بەیەکەوە و لەگەڵ یەکتر چارەیەک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزینەوە. کێشەیەك کە هەموومان دەگرێتەوە. وەرن ئەو شتەی بۆمان ماوەتەوە پێکەوە بیپارێزین. کەوابوو لەسەر چی راوەستاوین!

ئێمەی مرۆڤ خۆمان مێژووی داهاتوومان دیاری دەکەین.

پێکەوە!